# خۆشەویستی

Rewas Kader

*خۆشەویستی لای کەسانی تر نادۆزیتەوە، بەڵکو لەناو خودی خۆتدا دەیدۆزیتەوە.*
*تەنیا خۆمانین ئەو هەستەبێدار دەکەینەوە، بەڵام بۆ ئەوەی بێداری بکەینەوەپێویستیمان بەکەسانی تر هەیە. پاولۆ کاییلۆ/ یانزەخولەک*

بەڕیکەوت کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکەم بەردەست کەوت و خستمەسەر یەکێک لەو کەناڵەکوردیانە. گەنجێکی ئیسک سووکیان نیشان دا خێرا بانگی کچەکەم کرد و وتم وەرەسەیرکەئەو کوڕەچەندقۆزەدەڵێن کوڕەکوردەکان... قسەکەم هێشتا تەواو نەکردبوو بەڕێوەبەری بەرنامەکەپرسیارێکی لەسەر خۆشەویستی لێکرد. لەوەڵامدا وتی جارێ نازانم خۆشەویستی مانای چییەچونکەهێشتا کەسم خۆش نەویستووەو... هێشتا قسەکەی تەواو نەکرد، کچەکەم کەناڵەکەی گۆڕی وتی کەفێربوو مانای خۆشەویستی چییەئەو کاتەبانگم بکە. لەجێگەی خۆمدا دانیشتم و وەڵامم بۆی نەبوو، قسەی هەردووکیان هەژاندمی.



وشەی خۆشەویستی لەهەموو زمانێکدا هەیە، لەوانەیەژمارەی پیتەکان یان ئاوازی وشەکەتەواو جیاوازبێت، بەڵام ناوەڕۆکی وشەکەتەنیا لەجۆلانەی دڵدا ئارام دەگرێ. بۆیەدەڵێن سەرچاوەی خۆشەویستی دڵە، گەر بتەوێ بەدوای خۆسەویستیدا بگەڕێت بەدوای دڵتدا بگەڕی، هەر لەوێدا دەیدۆزیتەوە. گەر لەدەرەوەی دڵی خۆتدا بەدوای خۆشەویستیدا بگەڕیی ئەوا هەموو ژیانت سەرگەردان دەبیت و نەخۆت و نەخۆشەویستی دەدۆزیتەوە، بەخزمەتی بەختەوەریش ناگەی. مرۆڤ هەر کەدێتەئەم دنیایەوەهەموو هەوڵ و تەقەلای لەژیاندا وەدی هێنانی بەختەوەرییە. بەختەوەری لوتکەیەکی زنجیرەچیای خۆشەویستییە. خۆشەویستیش ئەو هەستەیە گەرمی و میهرەبانیت پێدەبەخشێت.

لای خۆمان کەکەسێک زۆر میهرەبان بێت و یارمەتی خەڵک بدات و ڕق لەخەڵک هەڵنەگرێ و چاکەبۆ خەڵک بکات، دەڵێن ئەو کەسەخاوەن دڵێکی گەورەیە. کەسێکیش خاوەن دڵێکی گەورەبوو مانای وایەدڵی پڕەلەخۆشەویستی. خۆشەویستی بۆ خۆی بۆ کەسوکاری، بۆ هاوڕێکانی بۆ وڵاتەکەی بۆ مرۆڤایەتی. خۆشەویستی وەک هەتاو وایەڕووناکی دەدات بەهەموو کەسێ بێ جیاوازی نیوان مرۆڤەکان، تەنانەت ئەوانەشی کەپیاوکوژو جەردەن، دز و دەستبڕن. ئەوانەش لەهەموو شت زیاتر ڕقیان لەهەتاو دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان تەنیا لەبەر تاریکیدا دەتوانن کاری نامرۆڤانەئەنجام بدەن. ئەوان لەڕووناکی دەترسن، هەر ڕووناکییەماڵیان، ڕیگای دڵیان نیشان دەدا. کەدڵیشیان دۆزییەوە، خۆشەویستی دەدۆزنەوەو واز لەئازاردانی خۆیان و خەڵک دەهێنن. دۆزینەوەی خۆشەویستی مانای ئەوەیەخۆتت خۆشبوێت، کەسانی دەوروبەرت خۆش بوێت، ئازاری کەس نەدەیت، یارمەتی کەسانێ بدەیت کەپێویستیان بەیارمەتی دانە، هەست بەئازاری مرۆڤەکانی دەوروبەربکەیت. فرمێسکی سەر گۆنای مرۆڤێ ببینی و دەسڕەکەی سەر دڵت دەربهێنی و بیسڕیتەوە.

لەوانەیەئیستا زۆر کەس بڵێت گەر ئەمەخۆشەویستی بێت ئەوا خۆشەویستی لەکوردستاندا وجودی نییە. ئەوەنییەئەو هەموو دەوڵەمەندە( زۆربەی زۆریان کادیری حزبەکانن) لەکوردستاندا هەیەکەچی کەسێکیان بیر لەکاری خێرۆمەندی ناکاتەوەلەبابەتی کردنەوەی قوتابخانەو هەتیوخانەونەخۆشخانە... هتد بەمەبەستی یارمەتی دانی خەڵکی هەژارو بێ دەرامەت. کەچیئۆپێرا، یەکێکەلەژنەدەوڵەمەندەکانی ئەمەریکا نەک تەنیا یارمەتی خەڵکی هەژاری وڵاتەکەی خۆی دەدا بەڵکو دەیان پرۆژەی خێرومەندی لەئەفریقیا هەیە.

ئەی ئەگەر خۆشەویستی هەبێت بۆ کچان بەزۆر بەشوودەدرێن، بۆ ژنان ئازاردەدرێن، بۆ کۆرپەی خۆیان دەکوژن، بۆ ژنان خۆیان دەسوتێنن. ئەی ئەگەر خۆشەویستی هەبێت بۆ لایەک لەکەسوکاری ئەنفال و شەهیدان نادەنەوە، یان کەسانێ هەن لەناو ئازاردا مەلەدەکەن و هاوڕێیەک نییەهەستی پێبکات و دەستی یارمەتی بۆ ڕاکێشێ. کێ دەتوانی ئەم برینانەسارێژبکات؟ ئەو کەسانەی خۆشەویستی هەناسەیانە ،لەدڵیدا هەست بەگەرمی ئەو خۆشەویستییەبکات ، دڵنیام لەوەی گەرمی ئەو خۆشەویستییەی کەسانی دەوروبەی دەگرێتەوە. خۆخۆشویستن مانای بینینی کەسانی ترە، مانای هەستکردنەبەکەسانی تر، مانای یارمەتی دانە. گەر کەس نەبینی و هەست بەکەسی ترنەکەیت تەنیا ئەوەدەگەیەنێ کەتۆ وجودت نییەو ڕێگای دڵی خۆتت ونکردووەو مەحاڵەلە مانای قوڵی ڕۆحییبەختەوەری بگەیت.

گەر بەدوای ئارامگەو بەختەوەریدا سەرگەردانی، دڵنیابەلەوەی لەکۆشک و بلۆک و دەستەڵات و دزی و زۆرداریدا نایدۆزیتەوە، ڕێگای دڵت بگرە، دڵ کانی خۆشەویستی و بەزەییە. دڵ هەتاوی خۆشەویستییەو چەتری ژێر شۆستەبارانە.

فرمێسکیش بۆ ئەو گەنجەقۆزەدەرژم کەدڵی خۆیی ونکردووە.

## ٢ - ڕۆحێکی سەرگەردان بەدوای خۆشەویستیدا

هەر کە باسی چیرۆکی خۆشەویستی دەکرێ هاوڕێیەکیم بیر دەکەوێتەوەکەلەزانکۆ پێکەوەدەمانخوێند. پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا هەبوو، پەیوەندییەکەیان هێندەدیاربوو، نەدەکرا بشارێتەوە. هەموو قوتابیان باسی ئەوانیان دەکرد. گرفتەکەلەوەدا بوو ئەوان دەیان ویست ژیانی خێزانێتی پێکەوەبنێن، کەسوکاری هەردووکیان دژ بەم پێشنیارەبوون، لەلایەکەوەلەبەر ئەوەی لایەکیان سەر بەپارتی بوون و لاکەی تریان یەکێتی بوون، ئەو سەردەمەلەنێوان ئەندام و لایەنگیری حیزبەکاندا ژن و ژنخوازی زەحمەت بوو، لەلایەکی تریشەوەئەوان هێشتا سێساڵیان مابوو کۆلێژ تەواوبکەن. خۆشەویستیان هێندەبەهێزبوو بڕیاریان دا شایی بکەن و گوێ نەدەنەهیچ مەرجێکی هەردوو خێزانەکە. پاش شایی کردنیان من بەهۆی باری سیاسی کۆلێژم بەجێهێشت و ئیتر نەمزانی چییان بەسەرهات. پاش زیاتر لەبیست ساڵ یەکێ لەو جارانەی کەگەڕامەوەبەڕیکەوت ئەو هاوڕێیەی خۆم بینییەوە، زۆر بەپەرۆش بووم بزانم چیرۆکی خۆشەویستی ئەوان چی بەسەرهاتووە. پاش تەواوکردنی کۆلێژ سێ منداڵی دەبێت. ئەو لەماڵەوەدەمێنێتەوەلای منداڵەکانی و مێردەئازیزەکەی کاردەکات، لەبواری کارەکەیدا پێش دەکەوێت و زۆربەی کاتی لەکار و زۆربەی ئێوارانیش لەیانەی ئەندازیاران دەباتەسەر. کەمنداڵەکان گەورەدەبن، یەک لەدوای یەک دەست دەکەن بەقوتابخانە. پاش دەساڵ لەژیانی خێزانێتی هەوڵدەدا کارێک بۆ خۆی بدوزێتەوە،وەک مامۆستا کار دەدۆزێتەوە، لەبەر ئەوەی ئازیزەکەی فریای ماڵەوەناکەوێ ئەم دەبێت کارەکانی ماڵەوەش بکات. هیزی لێدەبڕێ و بڕیاردەدات واز لەئیش بێنی و هەرلەماڵەوەبێت، تا منداڵەکان گەورەدەبن و بەڕێگای خۆیاندا دەڕۆن. ئێستا دوانیان لەزانکۆ و یەکێکیان لەدەرەوەیە. ئەمیش بەتەنیا لەماڵەوەیە. زۆر جار بیری لەوەکردوەتەوەئازیزەکەی بەجێبهێڵێ، بەڵام هەر زوو پەشیمان بووەتەوە، چونکەلەلایەکەوەمنداڵەکانی پێویستیان بەباوک هەیەو لەلایەکی ترەوەپێی شەرمەپاش ئەم هەموو ساڵەجیابێتەوە. ئیستاش هەست بەوەدەکات نەئەم میردەکەی خۆشدەوێت نەمێردەکەی ئەمی خۆشدەوێت. بەگریانەوەپێی وتم لەیادتەدەتووت خۆشەویستی وەک گوڵێک وایەلەنیوان هەردووکتاندا بۆ ئەوەی سیس نەبێت پێویستەهەردەم خزمەتی بکەیت، زۆر جار بیرم لەو قسەیەدەکردەوەدەمووت ئاخر من چێم نەکرد بۆ پاراستنی ئەم گوڵە،بێهودەبوو. ئێستا گەیشتوومەتەئەو باوەڕەی کەخۆشەویستی وجودی نییە، تەنیا شاعیران و نووسەران ئەم درۆ گەورەیان دروستکردووە، گەنجیش لەو ماوەیەدا دەیەوێ ببێت بەپاڵەوانی بەرهەمی نووسەرەکان، بۆیەلەمێشکی خۆماندا خۆشەویستی دروست دەکەین. هاوڕێکەم بەکوڵ دەگریا و دەیوت ئاخر من وا بەم زوانەدەبمەپەنجا ساڵ چی لەژیانی خۆم بکەم. ناچاربووم باسی بەسەرهاتی ئەو پیاوەی بۆ بکەم کەدۆن میگیێل ڕویز لەکتێبی" تێگەیشتنی خۆشەویستی"دا باسیدەکات:

پیاوێک هەبوو بڕوای بەخۆشەویستی نەبوو، هەموو کاتی تەرخان کردبوو و جیهان دەگەڕا تا قەناعەت بەخەڵک بهێنێ کەخۆشەویستی لەژیاندا بوونی نییە، تەنیا شاعیرو ڕۆماننووسان دروستیان کردووە. ئەوەی کەمرۆڤ بەخۆشەویستی ناوی دەبات، هەستیکەلەترس و لەسەر کۆنترۆلکردن بنیات نراوە، کچ

و کوڕ کۆمەڵی بەڵێن بەیەکتر دەدەن، کەڕێزی یەکتربگرن ، یارمەتی یەکتربدەن، پشت وپەنای یەکتربن ... ئەم بەڵێنانەتەنیا چەند هەفتەیەپاش گواستنەوەیان درێژەدەکێشێ. وردەوردەوایان لێدێت لەیەک دووربکەونەوە. یەکتر ئازاربدەن و یەکتر بریندار بکەن... هەر یەکەدەیەوێ ئەوی تر بکات بەموڵکی خۆی و بەپێی خواستی ئەو ژیان بەڕێوەبچێ. لەوەش دەترسن جیاببنەوەنەکا تەنیا بکەون یان بکەونەبەر ڕەخنەو توانجی خەڵکانی تر. جا نازانم لەکوێدا ئەو خۆشەویستیە بەدی بکەین.

ڕۆژێک لەپارکێکدا پیاسەدەکات، ژنێک دەبینێ لەسەر کورسییەک دانیشتووەو دەگری، خێرا دەچێتەپێشەوەو لەژنەکەدەپرسێ بۆ دەگری. ژنەکەبەدەم گریانەوەدەڵێت پاش ئەم هەموو ساڵەلەژیانی ژن و مێردایەتی بۆم دەرکەوت کەخۆشەویستی نییە. پیاوەکەباوەشی پێدا دەکات و بەلایەوەسەیر دەبێت کەکەسێکی تر هەبێت وەک ئەم بیر بکاتەوە. بەسەرهاتی ژنەکەزۆر لەبەسەرهاتی هاوڕێکەم دەچێت بۆیەدووبارەی ناکەمەوە. گرنگ دەبنەدوو هاوڕێی گیانی بەگیانی، پەیوەندییەکی قوڵ لەنێوانیاندا دروست دەبێت، ڕێزی یەکتر دەگرن، لەیەک دەگەن، بەنزمی سەیری یەکتر ناکەن، لەکاتی وەپێشچوونی یەکێکیاندا ئەوی تریان دڵگران نابێت یان غیرەناکا، کەسیان نایەوێ ئەوی تریان کۆنترۆڵ بکات یان بیکاتەموڵکی خۆی، حەزیان دەکرد پێکەوەبن، کەدوور دەکەوتنەوەلەیەکتر بیری یەکتریان دەکرد... .

جارێک پیاوەکەبەسەفەر دەڕوا و ماوەیەک لەژنەکەدوور دەکەوێتەوە، زۆر بیری دەکات. پیاوەکەبیردەکاتەوەو دەڵێت لەوانەیەئەمەی من هەستی پێدەکەم خۆشەویستی بێت، بەڵام وەک تێگەیشتنی ئەو خەڵکەنییەلەخۆشەویستی، من بەرپرسیاری ئەو نیم، ئەویش بەرپرسیاری من نییە، نەمن شت لەو داگیردەکەم نەئەو لەمنی داگیردەکات، من پێویستم بەوەنییەبۆڵەبۆڵ بەسەرئەودا بکەم کاتێ لەکارەکەمدا سەرکەوتوو نابم یان ئەو بکەمەهۆکار بۆ سەرنەکەوتنم، ئەو بێزارم ناکات منیش ئەو بێزارناکەم، غیرەی لێناکەم کەلەگەڵ کەسێکی تردا ببینم، ڕێزی شێوەی بیرکردنەوەو هەستەکانی دەگرم، بەسەرکەوتنەکانی زیز نابم... . لەوانەیەخۆشەویستی هەبێت بەڵام نەک وەک ئەوەی خەڵک لێی تێدەگات.

کەگەڕایەوەلای ژنەکە، پیاوەکەهەر کەدەمی کردەوە، ویستی شتێک بڵێ، ژنەکەش دەمی کردەوە... دیاربوو هەردووکیان دەیانویست باسی هەمان بابەت بکەن، لەیەک گەیشتن، هەردووکیان گەیشتنەئەو دەرئەنجامەی کەخۆشەویستی وجودی هەیە. بڕیاریان دا تا سەر پێکەوە بژین و یەکتریان خۆشبوێت، تا سەر بەو شێوەیەبژین و خۆسەویستی لەنێوانیاندا گەشەی دەکرد، بچوکترین شت دڵی دەخستنەگۆرانی وتن، چونکەئەوان بەختەوەربوون.(هەفتەی داهاتوو کۆتایی بەبەسەرهاتی ئەو پیاوەدەهێنم)

## ٣ ـ خۆشەویستی بێمەرج

*یەکتریتان خۆشبوێ*
*بەڵام خۆشەویستی مەکەن بەکۆتێ*
*ڕێگەش مەدەن*
*لەنێوان کەناری رۆحی هەردووکتاندا*
*ببێتەدەریایەکی سەرشێت*
*پەرداخی یەکتری پربکەن،*
*بەڵام لەپەرداخی یەکتر مەخۆنەوە.*
(جبران خەلیل جبران، پێخەمبەر، لەزمانی سوێدییەوە)

سەر دەبەم سەر دەهێنم وا هەست دەکەم زۆرمان خراپ لەخۆشەویستی گەیشتووین، خۆشەویستی مانای ئازادی ڕۆحەکانەنەک کۆیلەکردنی. خۆشەویستی لەنێوان دوو کەسدا چەند قوڵ بێت، گەر گەیشتەسڕینەوەی سنووری نێوان ئەو دوو کەسە، دیارەدەبێت کەسێکیان بچێتەناو سنووری بازنەی تاکەکەی ترەوەکەئەو سنوورەش نەما چی بکەیت بۆ بەرامبەرەکەت ناتوانێ بەختەوەری بکەیت چونکە بوویتەکەسێکی داگیرکەر.رەنگی سووری خۆشەویستی کاڵ دەبێتەوە.

خەریکبوو بیرم بچێت چیرۆکی ئەو پیاوەتان بۆ تەواوبکەم. لەوانەیەوابزانن کۆتاییەکەی وەک کۆتایی فیلمەهندییەکانە، یان داستانەکان و ئەفسانەفۆلکلۆرییەکان، هەردوو خۆشەویستەکەهەموو تەمەنیان بەبەختەوەری دەبەنەسەر. بەداخەوەوانەبوو. ئەم پیاوەبەستەزمانەتەواو دڵخۆش و بەختەوەر دەبێت بەو ژنەو بەو خۆشەویستییەی کەهەستی پێدەکات. شەوێک تەماشای ئاسمان دەکات و سەری لەجوانی ئەستێرەکان سووڕدەمێنێ، بەتایبەتی یەکێکیان، هێندەنابا ئەو ئەستێرەیەدەکشێ و دەکەوێتەناو هەردوو دەستییەوە. لەخۆشیاندا نازانێ چی بکات، هێندەی نەبرد ڕۆحی لەناو ئەستێرەکەدا تێکەڵ بوو. بوونەگلۆڵەیەک لەڕووناکی. بڕیاری دا هەردووکیان پێشکەش بەخۆشەویستەکەی بکات. خستیەناو دەستی ژنەکەوە، ئەویش تەواو شڵەژاو لەدەستی کەوتەخوارەوە، هەپرون هەپرون بوو. پیاوەسەرگەردانەکەدڵیش و هەستەکانی لەدەست دا. گەڕایەوەسەر دۆخەکەی جاران و دەگەڕا بەجیهاندا دەیویست بۆ خەلکی بسەلمێنێ کەخۆشەویستی وجودی نییە. ڕویز لەم ڕووداوەدا دەیەوێ ئەوەمان پێبڵێت کەخۆشەویستی و بەختەوەری لەدەرەوەی خودی مرۆڤەوەنایەت، بەڵکو لەناوەوەی خۆتدایە، هەر خۆشت بەرپرسی لەپاراستنی ئەو هەستە. پیاوەکەهەستی بەبەختەوەری دەکرد لەئەنجامی ئەو خۆشەویستییەی کەهەستی پێدەکرد بەرامبەر ژنەکە، کاتێ ویستی بیخاتەدەستی ژنەکەوەبیکاتەبەرپرسی ئەو بەختەوەرییە، هەردووکیانی لەدەست چوو.

گرفتەکەئەوەیەکەیەکێکمان خۆش دەوێت دەبێت ئەو کەسەببێتەموڵکمان، بەپێی بۆچوون و حەزو پێوەرەکانی ئێمەهەڵسوکەوت بکات، خۆشەویستی لای هەندێ خەڵک خۆبەختکردن و قوربانی دانەبۆ ئەو کەسەی کەخۆشمان دەوێت بێ بیرکردنەوەلەخودی خۆمان. مرۆڤ درەنگ لەو ڕاستییە تێدەگات کەخۆشەویستی مانای سڕینەوەی خۆمان نییە، بەڵکو ڕێزگرتنەلەبوونی خۆت و خۆشەویستییەبۆ ئەو بوونە. گەر تۆ خۆت بەختەوەر نەبێت و خۆشەویستی سەرچاوەلەدڵتەوەهەڵنەگرێ ئەوەی کەدەیکەیت بۆ کەسانی تر بەهەرچ ناوێکەوەبێت ئەنجامی نابێ و هەرگیز بەختەوەریان ناکەیت. وەک ئەو ژنەی هەموو شتێکی بۆ مێردەکەی دەکرد تەنیا بۆ ئەوەی ڕازی بکات و ئازاری نەدات، کەچی لەبەر ئەوەی خۆی بەختەوەرنەبوو و ڕێزی بۆ خودی خۆی دانەدەناو بەردوامیش ترس لەدڵیدابوو، بۆیەهەرگیز مێردکەی دڵی بەو شتانەخۆش نەبوو کەدەیکرد ئەو قوربانی دانەشی کەسیانی بەختەوەرنەدەکرد و خۆسەویستیشی لەدەروونی هەردووکیاندا دروست نەکرد. خۆشەویستی دەبێت بێ مەرج بێت، بەرامبەرەکەت خۆشبوێ بێ ئەوەی کۆمەڵی کۆت و مەرجی بۆ دابنێت، لەبەر ئەوەی خۆشەویستی تەنیا لەئامێزی ئازادی تاکەکاندا دەتوانێ هەناسەبدات. تۆ گەر منت خۆشدەوێت دەبێت .... کەوشەی دەبێ کەوتەنێوان دوو خۆشەویستەوەئەوا تەنیا مانای نەبوونی خۆشەویستییە. پاولۆ کاییلۆ لەرۆمانی زەهیرەدا ***دەڵێت: ئەو تەنیا ژنێک بوو کەلەمەسەلەیەکی یەکجار ساکار تێگەیشت، منی تێگەیاند پێش ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو ببمەوەدەبێت ڕووبەڕووی خودی خۆم ببمەوە.***

پێش ئەوەی داوا لەبەرامبەرەکەمان بکەین لێمان تێبگا دەبێ پێش هەموو شتێ‌لەخودی خۆمان بگەین، بزانین چیمان دەوێت و بەتەمای ئەوەش نەبین بەرامبەرەکەمان بەو جۆرەبگۆرێ کەئێمەدەمانەوێت و بەو نیازەی بەو گۆڕانەی ئەو بەختەوەر دەبین و خۆشەویستی دروست دەبێت. رویز هەر لەو کتێبەیدا باس لەپەیوەندی مرۆڤ و ئاژەڵ دەکات، ئێمەچەند سەگەکەمان یان پشیلەکەمان خۆشبوێ ناتوانیین سەگەکەبکەین بەپشیلەیان بەپێچەوانەوە. سەگ هەر سەگەو پشێلەش هەر پشیلەیە. جا تۆش چەند هاوسەرەکەتت خۆشبوێ چاوەڕووانی ئەوەمەکەئەو وەک تۆی لێبێت یان وەک کەسەی لێبێت کەتۆ دەتەوێ. دەبێت یەکتریمان خۆش بوێ هەر یەک وەک ئەوەی کەهەین، یەکتریش قبووڵ بکەین وەک ئەوەی کەهەین، ئەگینا یەکتردەخەینەناو ئەو چوارچێوەی کەخۆشەویستی ناتوانێ هەناسەی تێدا بدات.

یەکێ لەو قسانەی کەلەزۆر وڵاتدا باوەدەلێن غیرەکردن نیشانەی خۆشەویستییە. بەدیدی من پێچەوانەکەی ڕاستە. چونکەکەغیرەهەبوو مانای ئەوەیەبڕوات بەخۆشەویستی بەرامبەرەکەت نییە, بەردەوام ترست هەیەلەوەی کەبەجێت بهێڵێ و دوای یەکێکی تر بکەوێت. کەترسێش کەوتەنێوان دوو کەسەوەمانای ئەوەیەخۆشەویستییەکەدرزی تێکەوتووەو بەم زوانەدەشکێ.

جا گەر لەمەودوا غیرەتان لەیەکتر کرد بەدوای کەتیرەدا بگەڕێن کەئەو درزانەدەلکێنی بەیەکەوە، بەڵام ئاخۆ ئەو درزانەچەند بەرگەدەگرێ